# له هەولێر گەندەڵی بنەبڕ کرا

**هێمن ملا امین - هەولێر**

دوێنێ ئێواره له گەرەکی ئەندازیاران له هەولێر وەك رۆژانی تر ویستم لای نانەوا نان بکرم بۆ ئێواری نانەوا خانه قەپات بوو !! ؟؟ ، پرسیم بۆ ؟!! خەڵکێکی زۆر کە وەك من بۆ نان کرین هاتبوون هۆکارەکەیان رون دەکردەوە کە بۆچی ؟!! لەبەر ئەوەی کێشی گونکە هەویرەکانی وەك یەك نەبووە ، یەکێك زیاد و یەکێکی تر کەمتر و بە غرام فەرقیان هەبووە !! لەسەر ئەمە ئاسایش کابرایان سەر نوگم کردووە ..

خەڵکی دەیان گوت چی ؟؟

یەکێك کە سەر بە رێکخراوی پارتی بوو لە و ناوچەیە ، دەستی ئاسایش خۆش بێت ، ئاوا ئەبێت بنە بری گەندەڵی بکەین ، کابرا بۆ هەویرەکانی بەقەدەر یەك نیە ، دزی وا ئەبێت لە زیندانا دابرزێنن ..

یەکێکی تر ئەیوت : کاکە من ئەم کابرا ئەناسم دورە لە فێڵ و ئەوشتانە ، خۆ بۆ دوو مشت ئارد حەیای خۆی نابات ، بەلآم چونکە پارتی نیە ، ئاوایان لێکردووە .

یەکێکی تر : کاکە لەم ولآتا گەندەڵی نیە ئەوە نەبێت کە ئەم کابرایە گونکی هەویری بەقەدەر یەك نەبووە ؟! لەم ولآتەی ئێمە تەقلە بە فیل لێئەدرێ و حوشتر بە بارەوە لوش ئەدرێ ئێستە کەس نەمابوو محاسەبە بکرێت ئەم فەقیرە نەبێت ؟؟!!

ژنێك ئەیوت : باشە بۆ ئێوارە من لە کوێ نان پەیدا بکەم ؟!!

سەیرە ، گەندەڵی لەم ولآتە نیە ئەو هەویری نانەوایە نەبێت ؟!! ولآت هەمووی ئاودیوی گیرفانی مەسئولەکان کرا ، کەچی لێپرسینەوە لە نانەوایەکی فەقیر دەکرێت ، ئەوە ١٤ ساڵە داهاتی ئەم ولآتەمان کێ ئەزانێ چی لێدەکرێت و بە چی دەدرێت و لە کام بانکی بیانی و بە ناوی کام مەسئول و کوڕە مەسئولەوە هەڵدەگیرێت ، داهاتێك کە گەر لەدەستی خاوێن و لێهاتودا بوایە ئێستە حاڵی کارەبا و ئاو و شەقام و نەخۆشخانەو بەنزین و نەوتمان وەك ئێستە دەبوو ؟! لەوەیش سەیر تر ئەوەیە لە کوردستانی ئێمە پێکهاتەی بیر و بیرکردنەوەی هاوولآتی بەشێوەیەکی گشتی حزبیانە پێکهێنراوە و حاڵ گەیشتووەتە ئەوەی کە مەسەلەکان حزبی هەڵسەنگێرێن ؟! کابرا چونکە بۆچونی حزبی هەیە ، ئەگەر حزبی بڵێ ماست رەشە ، لای ئەمیش تەواو رەشە و بانگەشەیشی بۆ دەکات ..